حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەم )

# A

بەناوی خودای گەورە
بابەت: زمان و ئەدەبی کوردی /کات: سێ کاتژمێر

## وەڵامی نموونەیی

( زانستی - وێژەیی )   خولی دووەم ٢٠٢١- ٢٠٢٢

پەنجەمۆر

SN: 000001

وەڵامی راست هەڵبژێرە، بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە

١.لە کام لەم ڕستانەدا بکەر جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك؟
A.چیرۆکێ دنڤیسە .   B.نامەکەی پێ گەیشت.   C. قەڵەمەکەی لێ ونبوو.   D. هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

٢.لە ڕستەی ( لە هەموو شوێنێك مرۆڤی باش هەیە . ) کاری ڕستەکە چییە؟
A.کاری تەواوی تێنە پەڕە بەواتای( وجود )   B.کاری ناتەواوە
C. کاری تەواوی تێنە پەڕی دارژاوە   D.کاری تەواوی تێپەڕە بە واتای خاوەندارێتی

٣.لە ڕستەی ( کەی کارەکەتان بۆ تەواوکردین ، ئاگادارمان بکەنەوە ) کام لەمانەدەبێتە بکەری ڕستەی کاری مەرج؟
A. مان   B. ن   C. تان   D. بکەر دەرنەکەوتووە

٤. هاوەڵناوی.......... دەبێتە دیارخەری ناو هەمیشە پێش ناوە دیارخراوەکە دەکەوێت وە پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵە :
A. هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی   B. هاوەڵناوی پلەی باڵا   C. هاوەڵناوی پرس   D. هاوەڵناوی ژمارەی بنجی

٥.لە کام لەم ڕستانەدا جێناوی لکاوی ( ت ) تەواوکەری بەیاریدەیە؟
A.بۆت هێنام   B.بۆت دەهێنم   C.بۆیت هێنا   D.بۆت هێنا

٦.ئەگەر ڕستەی ( دەمان بەیت. ) بگۆڕێن بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنی نەرێ دەبێتە :
A.نەی دەبردین.   B.نەمان دەبردیت.   C.نەمانت دەبرد.   D.نەت بردووین.

٧.لە ڕستەی ( ئەو گوڵە باخە بڕوێنە. ) بزوێنی ( ە ) لە نێوان هەردوو وشەی ( گوڵ ....باخ ) چییە؟
A. بەشێکە لە هاوڵناوی نیشانە   B. ئامرازی لێکدانە   C. ئامرازی دانە پاڵە   D. پاشگرە

٨.لە شێوازی دانانیدا، کاری یاریدەدەری ( دڤێت ) بۆ چی بەکاردێت؟
A.گومان   B. پێویستی   C.ویستن   D.توانین

٩.کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ( ڕابردوو ) ، جێناوی لکاوی ( تەواکەری بەیاریدە ) دەرناکەوێت؟
A.گوندەکەیان بۆ ئاوەدان دەکاتەوە.   B.هەواڵەکەیان پێ بڵێ.
C. پرسیارەکانی بۆ چا پدەکات.   D.کتێبەکەم لێ وەردەگرێت.

١٠.لە ڕستەی ( دەنگی ئەم هونەرمەندە خۆشە. ) ئەگەر دیارخەری ناوی( دەنگ ) بگۆڕین بە ( جێناوی پرس ) دەبێتە :
A.دەنگی چی خۆشە؟   B.دەنگی کام هونەرمەند خۆشە؟   C.دەنگی کێ خۆشە؟   D.هەردوو وەڵامی ( A و C ) ڕاستن

١١.(گەلی کوردستان دلێرانە ڕا پەڕی. ) هاوەڵکاری ( دلێرانە ) دروستبووە بە یاسای:
A.هاوەڵناو + پاشگر   B.ناو + پاشگر   C.ڕەگی کار + پاشگر   D. پێشگر + هاوەڵناو + پاشگر

١٢.لە ڕستەی ( گوڵەکانی ئەو باخچەیە زۆر جوانن. ) ناوی ( گوڵەکان ) دیارخراوە بە :
A.هاوەڵناوی نیشانە   B.جێناوی نیشانە   C.ناوی دەستنیشانکراو   D.جێناوی کەسیی سەربەخۆ

١٣.لە ڕستەی ( پرۆژەکە جێبەجێ بکەن. ) ئەگەر کارەکە بگۆڕین بۆ ڕێژەی ( ڕابردووی نزیکی دانانی ) ، دەبێتە :
A.دەبێت پرۆژەکە جێبەجێ بکەن.   B.دەبوو پرۆژەکەتان جێبەجێ کردبا.
C.دەبوو پرۆژەکەیان جێبەجێ کردبا.   D.دەبوو پرۆژەکەتان بۆ جێبەجێ کردبان.

١٤.لە ڕستەی ( مرۆڤی گەشبین هەمیشە سەردەکەوێت. ) هاوەڵناوی ( گەشبین ) چۆن دروستبووە؟
A.هاوەڵناو + ڕەگی کار   B.هاوەڵناو + ناو   C.ناو + ڕەگی کار   D.هاوەڵناو + پاشگر

١٥.لە ڕستەی ( چیرۆکەکانی بۆ بڵاوکردینەوە. ) ئەگەر بەرکار لابدەین ،وە جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە بگۆڕێن بە( مان ) دەبێتە :
A.بۆیمان بڵاوکردەوە.   B.بۆمانی بڵاوکردەوە.   C.بۆی بڵاوکردینەوە.   D.بۆمان بڵاوکردەوە.

١٦.لە ڕستەی ( مامۆستا بەڕێزەکە زۆر دڵسۆزە ) دیارخەری ناو بەیاسای کام لەم هاوەڵناوانە دروستبووە ؟
A.بوێر   B. بخۆر   C.بێ تام   D.دڵخۆش

١٧.لە ڕستەی ( بانگیانکرد بۆ ئاهەنگەکە. ) ئەگەر جێناوی لکاوی ( تان ) وەك ( بەرکار ) بەکاربهێنین، دەبێتە :
A.بانگیانکرد بۆ ئاهەنگەکەتان.   B.بانگیانتانکرد بۆ ئاهەنگەکە.
C.بانگتانیانکرد بۆ ئاهەنگەکە.   D.بانگتانکردن بۆ ئاهەنگەکە.

١٨.کام لەم کارانە بە ئامرازی ( نا ) نەرێ دەکرێت؟
A.ئامادەبکەن   B.ئامادەکات   C.ئامادەدەکرد   D.ئامادەدەکەن

١٩.لە ڕستەی ( گۆران شاعیرێکی زۆر بەتوانا بوو ) ئەرکی گرێی ( زۆر بەتوانا ) چییە ؟
A.تەواکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە   B. بەرکارە
C.دیارخەری ناوە   D.تەواکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە

٢٠.لە ڕستەی ( درەختە بەرزەکان سیمایەکی جوان دەبەخشن. ) وشەی درەخت ناوێکی :
A.کۆی ناسراوە   B.تاکی نەناسراوە   C.کۆی نەناسراوە   D.تاکی ناسراوە

٢١.لە کام لەم ڕستانەدا جێناوی لکاوی ( م ) ئەرکی دیارخەری ناوە؟
A. قەڵەمەکەم لێ وەرگرت.   B.کتێبە تازەکەی هێنام.   C.قەڵەمەکەی لێم وەرگرت.   D.وێنەکەتم هەڵواسی.

٢٢.لە ڕستەی ( ڕۆژگار هەموو مرۆڤێکمان بۆ دەردەخات. ) ( دیارخەر ) چییە؟
A. هاوەڵناوی نادیارە   B. ناوی تاکی نەناسراوە   C. جێناوی نادیارە   D. گرێی ناوییە

٢٣.لە ڕستەی ( کارەکەتان بۆ تەواوکردین. ) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ( ڕانەبردووی دانانی )، دەبێتە :
A. ڕەنگە کارەکەتان بۆ تەواوبکەین.   B. ڕەنگە کارەکەمان بۆ تەواوبکەن.
C. ڕەنگە کارەکەمان بۆ تەواوبکات.   D. ڕەنگە کارەکەتان بۆ تەواوبکەن.

٢٤.لە ڕستەی ( نەخشەکەی زۆر جوان کێشاوە. ) وشەی ( زۆر ) چییە؟
A.ڕادەی هاوەڵناوییە   B.هاوەڵناوی چۆنیەتییە   C.هاوەڵکاری چۆنیەتییە   D.ڕادەی هاوەڵکارییە

٢٥.لە ڕستەی ( کتێبەکەتی چا پکردووە . ) ئەگەر کار ڕستەکە بگۆڕین بۆ ( ڕانەبردوو ) جێناوی لکاوی ( بکەر ) دەبێتە؟
A.یت   B.ت   C. ات   D.ێت

٢٦. ڕۆمانی..........لەلایەن( شوکر مستەفا ) کراوەتە کوردی:
A . پێشبینی لێزانە قەرەجەکە.   B. گوندی مێرخاسا   C. کوردی ئەلەگەز   D. قەڵای دمدم

٢٧.یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی قۆناغی ( ١٩٧٠ - ١٩٧٥ ) ، توانی بەسوودبینین لە ئەفسانەو هێما مێژوویەکانی ناو کلتوری نەتەوەیی جیهانی وێنەی یاخیبوون پیشان بدات :
A. شێرکۆ بێکەس   B. قەدری جان   C. گۆران   D. لەتیف هەڵمەت

٢٨.لە گرنگترین بنەماکانی ڕەخنەی کلاسیکیی نوێ:

A. گرنگیدان بە هەست و سۆزی کەسی و دوورکەوتنەوە لە ئەقڵ — B. بایەخدان بە چێژی دروست

C. گرنگیدان بە بەها کەسییەکان، کە بەلای تاکە کەسەوە گرنگن — D. هەردوو وەڵامی ( A و C ) ڕاستن

٢٩.( داوەتا من ، ژ هەمی گۆڤەندا خۆشترە ) ئەم شیعرە بەرهەمی کێیە؟

A. جگەرخوێن — B. قەدری جان — C. موئەیەد تەیب — D. جەوهەر کرمانج

٣٠.( پەڵەهەورێکی چڵکن ) نموونەی چ جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبییە؟

A. وتاری ئەدەبی — B. چیرۆکی کورت — C. ڕۆمان — D. چیرۆکی مامناوەندی

٣١.ڕێبازی .........لە ئاکامی بوژانەوەو لاسایکردنەوەی بەرهەمی یونانییەکان و ڕۆمانییەکان سەریهەڵداوە:

A.فۆرمالیزمی — B.ریالیزمی — C.ڕۆمانتیکی — D.کلاسیکی

٣٢.لە قۆناغی .........شیعری کوردی کانیاوی بیری ئازادیخوازانی گەلانی تری جیهانیش بوو واتا پەیامێکی مرۆڤایەتی هەڵگرتبوو:

A. ١٩٣٩ - ١٩٥٨ — B. ١٩٥٨ — ١٩٧٠ — C. ١٩٧٠ - ١٩٧٥ — D. ١٩٧٥ - ١٩٩١

٣٣.یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی وتار لە قۆناغی( ١٩٥٨ —١٩٧٠ )

A. مستەفا نەریمان — B. حوزنی موکریانی — C. جەمال خەزنەدار — D.عیزەدین مستەفا

٣٤.لە چیرۆکی ( لاوکی سوارە ) دا، ..................... سوودی لە ( بەیت و لاوك و داستانی کۆنی فۆلکلۆری ) وەرگرتووە.

A.عەبدوڵلا سەراج — B. ڕەئووف بیگەرد — C.شێرزاد حەسەن — D. محەمەد فەریق حەسەن

٣٥.بناغەی نووسینی کام لەم ڕۆمانانە داستان و ئەفسانەو حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیە و دوورە لە تەکنیکی تازەی هاوچەرخ :

A.ئەفسانەی چیای ئاگری — B.هەواری — C.شار — D.دایکم دووجار گریا

٣٦.ئەم دێڕە شیعرە ( ئاشقی چاوی کەژاڵ وگەردنی پڕخاڵ نیم ) بۆ چ مەبەستێك نووسراوە؟

A.دڵداری — B.وەسفی سروشت — C.کێشەی کۆمەڵایەتی وچینایەتی — D.هەستی کوردایەتی و بیری نەتەوایەتی

٣٧.کام نووسەر لە وتارەکەیدا وشیارانە دەیەوێ سیمایەکی تازە بەئەدەبی کوردی بپۆشێ و بەرگێکی نوێ بکاتە بەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی؟

A.جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی — B. مارف بەرزنجی — C.مارف خەزنەدار — D.سیا پۆش

٣٨.لە چیرۆکەکانی کام گۆڤاردا ڕستە و وەسفەکان بەسۆز و کاریگەرن و زنجیرەی باسەکان هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بەیەکەوە بەندن؟

A.شەفەق — B.گەلاوێژ — C.هاوار — D.ڕۆژا نوو

٣٩.( بێکەس ) لە شیعری ............دیمەنی دواکەوتوویی ناو کۆمەڵگە بەرجەستەدەکات :

A.نەسرین — B.گینگڵ — C.ڕێگەی خەبات — D. قەلاچۆی دوژمن

٤٠.یەکەمین هەوڵی نووسینی ڕۆمانە ، بە زمانی کوردی:

A.بەربانگ — B.قەڵای دمدم — C. شڤانی کورد — D خاتێ خانم.

٤١.بە پشتبەستن بە پێوانەیەکی ڕەخنەیی ئەو سەردەمە کە پێوانەی ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی بوو بەهای شیعری کوردی دیاری دەکات:

A.سالم — B.حاجی قادری کۆیی — C.ئەحمەدی خانی — D.نالی

٤٢.گۆڤاری ( کۆڕی زانیاری کورد ) لە ساڵی ................دەرچوو:

A. ١٩٧٠ — B. ١٩٧١ — C. ١٩٧٣ — D. ١٩٧٤

٤٣.دەربارەی زمانی شیعر لەماوەی نێوان ( ١٩٦١– ١٩٧٠ ) کام لەمانە ڕاستە؟

A.زمانی شیعر بەرەو هەڵگرتنی شەقڵی بەرنگاربوونەوەو چۆکدانەدان دەڕۆیشت.

B.زمانی شیعر هەڵگری سیمای خۆشی و شادی بوو.

C.زمانی شیعربەرگی خەم و پەژارەو نائومێدی پۆشی.

D.هەردوو وەڵامی ( AوC ) ڕاستن

٤٤.یەکێکە لە چیرۆکنووسە بەتوانا و بەهرەمەندەکانی گۆڤاری ( هاوار ):

A.قەدری جان — B.شاکر فەتاح — C.عەلائەدین سوجادی — D.حسێن عارف

٤٥.لە قۆناغی .................شیعر بوو بە هۆکاری ڕتکرنەوەی واقع و زیندووکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی هاوشانی تفەنگ لە دژی دوژمن لە سەنگەردا بوو:

A. ١٩٣٩ - ١٩٥٨ — B. ١٩٥٨ - ١٩٧٠ — C. ١٩٧٠ - ١٩٧٥ — D. ١٩٧٥ -١٩٩١

٤٦.لەکام لەم دێڕە شیعرانەدا نیشانەیەك هەیە وا دەکات وشەکە بۆ واتای بنجی خۆی بەکارنەهاتبێت؟

A.نەیلوفەردل، توئافتابی — تەن شبهی کەتان توماهتابی

B.تانەگریا ئاسمان وتەم وڵاتی دانەگرت — گوڵ چەمەن ئارانەبوو هەم لێوی خونچە وانەبوو

C.خاترێکی شۆخ وخۆش و بێ غەم وجەمعم هەبوو — ئێستا بۆ زوڵفی کەسێ مەشقی پەرێشانی دەکا

D.شەماڵ لە ترسی شنەی نسێی سەخت — پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە

٤٧.چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێڕەدا هەیە؟ مەرگ وژین میسلی سێبەر و تاوە — ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە

A.ڕەگەزدۆزیی ناتەواو — B.دژیەکی ئەرێ — C.لێکچواندن — D.هەموویان ڕاستن

٤٨.چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێڕە شیعرەدا هەیە؟

کێوی سەفین لەسەر زەمین چەسپاوە وەك پەیمانی من — کەچی یارم تۆراوە لێم لەبەر دیدەی دۆست و دوژمن.

A.خواستنی ئاشکرا و لێکچواندن — B.دژیەك و جوانیی بایس — C لێکچواندن و دژیەك . — D.خواستنی درکاو و لێکچواندن

٤٩.ئەی برادەران، با بچینە یاری — نەوجەوانیمان لێ بدا دیاری. — لەم دێڕەدا، ڕەگەزدۆزیی ناتەواوە لە :

A.جۆری ( پیت ) — B.ژمارەی ( پیت ) — C.ڕیزی ( پیت ) — D.جۆر و ژمارەی ( پیت )

٥٠.تا کەی چون مەجنون وێڵی هەردان بم؟ — تا کەی خەمزەدەی باری هیجران بم؟ — لەم دێڕەدا وشەی ( چون ) چییە؟

A.لەوچووە — B.لێچووە — C.ئەوزاری لێکچواندنە — D.ڕووی لێکچوونە